

# ڕۆمان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیاوە

**عەلی عوسمان یاقووب**

ڕۆمان، وەکو ژانرێکی ئەدەبی، لە باری شێوازەوە ژانرێکی فرەڕەهەند و فرەسەرچاوەیە. هەر بۆیەش دەستنیشانکردنی سەرەتای پەیدابوونی ڕۆمان کارێکی ئاسان نییە و بووەتە جێگەی مشتومڕ لە لایەن لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانەوە. لە سەرێکەوە، ڕەخنەگرەکان گفتوگۆ دەربارەی ئەوە دەکەن، کە سەرەتای ڕۆمان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانی «دۆن کیشۆت»، کە «سێرڤانتس» لە دوو قەبارەدا و لە دوو کاتی جیاوازدا لە ساڵی ١٦٠٥- ١٦١٥ نووسیویەتی. لە سەرێکی ترەوە، زۆر لە لێکۆڵەران سەرەتای ڕۆمان دەگەڕێننەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەهەم یا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم. «باختین»، کە زۆر بە وردی کاری لەسەر ڕۆمان کردووە، پەیدابوونی ڕۆمان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای ڕێنیسانس، کە لە سەدەی چواردەهەمەوە دەستی پێ کردووە. ئەو نووسەرەی، کە «باختین» لە بۆچوونەکەیدا بە نموونە دەیهێنێتەوە، «فرانسوا لابیلێ»ی فەڕەنسییە، کە بەرهەمەکەی چەندەها دەنگی کۆمەڵایەتیی لە خۆ گرت، بێ ئەوەی بینینی

# ڕۆمان، ڕێك لەژێر هەلومەرجی ڕەتکردنەوەی فۆرمە کولتوورییە چەقبەستووەکان، گرنگیی خۆی سەلماند

هەر یەک لەمانە تێکەڵی دونیای نووسەر بکرێت. بەهەرحاڵ، دەکرێت بۆچوونەکەی «باختین»، کە پێی وایە ڕۆمان ژانرێکە زۆرەها فۆرمی کولتووری و گوتاری کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە ڕۆمان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە بەکار بێت. بەپێی بۆچوونی «جۆرج لۆکاش»، ڕۆمان بەرهەمی هەلومەرجێکی دیاریکراوی مێژوویی و کۆمەڵگەیەکە، کە دیوە کۆمەڵایەتییەکەی دەکاتە پێکەوەژیانی تاکەکان و هیچی تر. بە واتایەکی تر، فۆرمێکی سەمبولئامێزی گوزارشتکردنە و پێوەندی بە جۆرە کۆمەڵگایەکی تایبەتەوە هەیە.

«یان وات» (١٩١٧–١٩٩٩)١، لێکۆڵەر لە بواری مێژووی ئەدەب، سەرەتای پەیدابوونی ڕۆمان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم، لەگەڵ ئەوەشدا، دژی ئەو تیۆریستانەی وەکو «باختین» ناوەستێت، کە سەرەتاکەی بۆ سەردەمێکی مێژوویی دوورتر دەگەڕێننەوە. ڕاستی، «وات»، کە ئەو سەردەمەی بۆ پەیدابوونی ڕۆمان دەستنیشان کرد، بە دوای ئەو کاتەدا نەدەگەڕا، کە خەسڵەت و تایبەتمەندێتییەکانی تایبەت بە شێوازی ڕۆمان جێگیر بوون، بەڵکو بە دوای ئەو کاتەدا دەگەڕا، کە حەکایەتبێژێکی تایبەت لە ڕۆماندا ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتیی زۆر گرنگی ببینێت. بۆ «وات» ئەو کاتە سەدەی هەژدەهەم بوو، کە نووسەرە ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمە، ڕۆمانیان وەکو شێوازێکی بنەڕەتیی ئەدەبی تازە داهێنا. دیارە ڕۆمان، بە بۆچوونی «وات»، هەر لەگەڵ پەیدابوونییەوە بە خێرایی سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشا. ئەویش لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان سەبارەت بە تایبەتمەندێتییە ئەدەبییەکانی ئەم ژانرە و دووەمیشیان لەبەر ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی بوو.

لەبەر ئەوەی ئەو ژانرە تازەیە توانای تۆمارکردنی گۆڕانکارییە سۆسیۆ-کولتوورییە گرنگەکانی سەردەمەکەی هەبوو. بۆیە، نەک هەر وەکو ژانرێکی ئەدەبی، وەکو فۆرمێکی هونەری لەپاڵ فۆرمەکانی ترەوە، بەڵکو وەکو بەرهەمێکی کولتوورییش پەیدا بوو. ڕاستە هەموو بەرهەمە هونەرییەکان بەرهەمی کولتوورین، کە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانیان تێدا ڕەنگ دەداتەوە یا بەرهەڵستییان دەکەن یاخود پشتگوێیان دەخەن، بەڵام مرۆڤ لە کاتێکی مێژوویی تایبەتدا، ڕۆمانی وەکو بەرهەمێکی هونەری زۆر پێویست داهێنا. دیارە ئەو کاتە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی بوو. ئینگلتەرە بە قۆناغی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیدا تێدەپەڕی و کولتوورەکەی لەبەردەم کاردانەوەیەکی گەورەدا بوو. سەبارەت بەمە، کۆمەڵگە پێویستی بە «هۆ»یەکی گشتی، جەماوەری سەمبولئامێز هەبوو تا گوزارشت لەو گۆڕانکارییانە بکات. ڕۆمانیش ژانرێکی فراوانە، پانتاییەکی بێسنووری هەیە، بە ئاسانی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هەڵدەکات و بە دەنگیانەوە دێت. بۆیە، لەبری ئەوەی وێنەی ئەو واقیعە بکێشێت، کە بەپێی ئەو بەهایانە دادەڕێژرێت، کە نەریتەکانی کۆمەڵگە دەیانچەسپێنێت، شێوەی ژیان لە گۆشەنیگای تاکێکەوە دەکێشێت و لەپاڵ ئەمەیش پێشکەوتنی ئەم گۆشەنیگایە پێشان دەدات بەپێی ڕەوت و ڕۆیشتنی کات. ئەم شێوازە تازەیە سەلماندی، کە دەتوانێت لەگەڵ جۆرەها ئەزموونی کەسێنیدا بگونجێت، کە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی پێشتر، ئاڕاستەیەکی تریان وەرگرت. لەبەر ئەوەی چیرۆک، وەکو ژانر، پێویستە سنوورەکانی خۆی پشتگوێ بخات، چونکە بەپێی ڕۆڵە کولتوورییەکەی، بارە

ڕاستە هەموو بەرهەمە هونەرییەکان بەرهەمی کولتوورین، کە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانیان تێدا ڕەنگ دەداتەوە یا بەرهەڵستییان دەکەن یاخود پشتگوێیان دەخەن، بەڵام مرۆڤ لە کاتێکی مێژوویی تایبەتدا، ڕۆمانی وەکو بەرهەمێکی هونەری زۆر پێویست داهێنا

# لێکۆڵینەوە

کەسێنییە جیاواز و ناکۆکەکان لە خۆ دەگرێت، بۆیە بێسنووری و دیارینەکردنی پانتایی ڕۆمان، وەکو ژانر، شتێکی بنچینەیی و گرنگ بوو.

«فریدریک جەیمسن» (١٩٣٤– )، کە ڕەخنەگرێکی ئەدەبی و تیۆریستێکی سیاسی مارکسییە، پێی وایە، کە ڕۆمان، سەبارەت بەو پانتاییە بێسنوورە و ڕووبەرە فراوانەیە و کرانەوەی لەبەردەم ئەزموون و بیروباوەڕە جیاوازەکاندا، پێویستە، نەک هەر لە ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤەوە سەیر بکرێت، بەڵکو وەکو ژانرێکی سەمبولئامێز لێی بڕوانرێت، کە هارمۆنییەک لە نێوان هەموو وێنە هەمەچەشن و ناکۆک و جیاوازەکانی چیرۆکەکە دروست دەکات، کە هەر یەکەیان واتای ئیدیۆلۆژیی جیاوازی تایبەتی خۆی هەیە٢. ئەگەرچی «جەیمسن» وێنە جیاوازەکانی ناو چیرۆکەکە دەستنیشان ناکات، بەڵام «وات» لەم بارەیەوە ڕوونترە. «وات» دوو فۆرم دەستنیشان دەکات، کە بۆ یەکەمجار لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم، وەکو دوو فۆرمی گرنگ لە ڕۆمان دەرکەوتن. ئەم دوو فۆرمەش، کە بڕیار لەسەر حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە دەدەن و هەر یەکەیان وێنەیەکی جیاواز لە چوارچێوەی چیرۆکەکە پێشان دەدات، بریتین لە: فۆرمێکی تایبەتی شاراوە و فۆرمێکی گشتیی کراوە.

لەبەر ئەوەی ئەم دوو فۆرمە لەو سەردەمە مێژووییەی ئەوسادا گوزارشتیان لە دوو فۆرمی کۆمەڵایەتیی جیاواز دەکرد، بۆیە ڕۆمان هەر یەک لەم دوو فۆرمەی پێشان دا بە شێوە جیاوازییە تایبەتییەکانیانەوە و لە هەمان کاتدا، چارەسەری بۆ جیاوازییەکانی ئەم دوو فۆرمە خستە ڕوو. ئەم چارەسەرەیش، دواجار، بەپێی پێشکەوتنی تەکنیکی ڕۆمان لە شێوەی جیاجیادا دەرکەوت. ڕاستییەکەی، ئەم توانایەی ڕۆمان لە پێشاندانی ململانێ و هەروەها پێوەندییەکی ئاڵۆزی نێوان ئەم دوو فۆرمە تایبەتی و گشتییە بوو، بە واتایەکی تر ئەو دوو فۆرمە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییە بوو، وای کرد ڕۆمان ببێت بە پانتایی چارەسەرێکی تایبەت بۆ مەرجە کولتوورییەکان لە بەیەکەوە گونجاندنی وێنە جیاوازەکاندا.

لەپاڵ ئەو مشتومڕەی، کە لەسەر دەستنیشانکردنی سەرەتای پەیدابوونی ڕۆمان کراوە، هەروەها ئەو ئاڕاستەیەی، کە ڕۆمان وەری گرت بۆ ئەوەی ببێت بە بەرهەمێکی کولتووری زاڵ، کێشەکە لەوەدایە چۆن ڕۆمان ئەو هەلومەرجە کولتوورییە هەمەچەشنە لە خۆ بگرێت، کە بوو بە هۆی پەیدابوونی، وەکو ژانرێکی تازە. «مایکڵ ماکیۆن»٣ لە لێکۆڵینەوەیەکیدا گفتوگۆ دەربارەی ئەوە دەکات، کە کولتووری ڕۆشنبیری لە


نادین گۆردیمێر

سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا لەسەر ڕەتکردنەوەی کۆمەڵێک لە ڕێسا و نەریتە کولتوورییەکانی پێشتر بەند بووە، هەروەها ئەم ڕەتکردنەوانەیش، کە وەرچەرخانێکی دیالیکتیکیی بە شێوازێکی ورد لەگەڵ خۆیدا هێنا، کاریگەرێتیی بەسەر کارلێکی ئەو فۆرمە هزریانەوە هەبوو، کە بایەخێکی کۆمەڵایەتییان وەرگرتبوو. کەواتە وەرچەرخانەکە وەرچەرخانێکی دووانە بوو. ڕۆمان، ڕێک لەژێر هەلومەرجی ڕەتکردنەوەی فۆرمە کولتوورییە چەقبەستووەکان، گرنگیی خۆی سەلماند، چونکە سەبارەت بە فرەتوانایی و ئەو پانتاییە بێسنوورەی، کە هەیەتی، شوێنێکی نموونەیی و لەبار بوو بۆ ئەوەی فۆرمە ناکۆکەکان، ململانێکانی خۆیان تێدا ئەنجام بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەرەتادا نەک هەر ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی لەخۆ گرت، بەڵکو پرۆسێسی جیاکردنەوەی تایبەتمەندێتییەکانی «خود»یشی بزواند و بەرەو پێشەوەی برد. ئەمەیش ئەو وەرچەرخانە دووانەیە بوو، کە ئاماژەمان بۆ کرد. لۆژیکی ئەم وەرچەرخانە دیالێکتیکییە نەک هەر وەکو خەسڵەتێکی ناوەکیی ڕۆمان دەبینرێت، بەڵکو وەکو خەسڵەتێک، کە بڕیاری لەسەر شێوەی پێشکەوتنی ڕۆمان دا بەپێی قۆناغە مێژووییەکان. گوتمان ڕۆمان دەتوانێت فۆرمە ناکۆکەکان لە خۆ بگرێت. بۆیە، وەکو «هۆ»یەک بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو فۆرمە ناکۆکانە، دواتر برەوی بە بیرۆکەی تاک دا. هۆکاری ئەم یەکلاکردنەوەیە لە پێش هەموو شتێکدا لەوەدابوو، کە هیچ ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی نەبوو کێشە نەنێتەوە. ئەمەیش ئەو کاتە ڕووی دا، کە پرۆسێسی جیاکردنەوەی تاک بە هەموو تایبەتمەندێتییەکانییەوە زیاتر قووڵ بووەوە. دیارە نەمانی کۆمەڵگەی ساز و هاوکۆک، بۆ نموونە، وای لە «هیگڵ» کرد ڕۆمان بە «هۆ»یەکی فێرکردن دابنێت، کە نیازی ڕێگەخۆشکردنە بۆ ڕاهاتن یا گونجاندن لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەی بۆرژوا. لەبەر ئەوەی ڕۆمان هەر تەنها «هۆ»یەکی سەمبوڵئامێز نییە بۆ گوزارشتکردن لە تاک، بەڵکو «هۆ»یەکە بۆ گوزارشتکردن لە چارەسەرێکی خەیاڵی بۆ نوشووستی پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەدا، بۆیە، وەکو ژانر، هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە هەوڵی داوە ئەزموونی کۆمەڵایەتیی پێکەوەیی کۆمەڵگەی پێش شۆڕشی پیشەسازی دابمەزرێنێتەوە. لە هەوڵدان بۆ پێکەوە گونجاندنی فۆرمە ناکۆکەکانی «بوون»، ڕۆمان، بوو بەو پانتاییەی، کە چارەسەرە خەیاڵییەکانی بۆ فۆرمە ناکۆکە ڕاستەقینەکانی دونیای واقیعی تێدا بەرجەستە دەبێت.

گرنگیی ڕۆمان لەوەدایە، کە لە فۆرمەکانی تری هونەر ڕوونتر مەسەلەکانی پەیوەست بە پێوەندیی نێوان دارشتنی چیرۆکی هەڵبەستراو بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە دەورووژێنێت، کە دروستکردنی چیرۆکەکە و ڕاڤەکردنەکەی تێدا بەڕێوە دەچن. بیروبۆچوون دەربارەی پێوەندییەکانی نێوان زمان و واقیعی کۆمەڵایەتی یان دەربارەی واقیعی بەرچاو و سرووشتی بینینی زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان، کە ڕەهەندێکی سۆسیۆلۆژییە، لە شانۆی سەدەی بیستەمدا لەلایەن «بیراندلۆ (١٨٦٧-١٩٣٦)» و «یۆجین یۆنسکۆ (١٩٠٩-١٩٩٤)» و «ئەلفرێد جاری (١٨٧٣-١٩٠٧)» و «ئێن. ئێف. سیمپسۆن (١٩١٩-٢٠١١) پەیدا بوو، هەروەها لە ڕۆمانیش لەلایەن زۆر لە ڕۆمانووسەکان، وەکو «نابۆکۆڤ، جەیمس جۆیس، نایگڵ دێنیز، کافکا، جۆیس کاری» و چەندەها ڕۆماننووسی تر وروژێندران. لەوانەیە لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییەکان

گرنگیی ڕۆمان لەوەدایە، کە لە فۆرمەکانی تری هونەر ڕوونتر مەسەلەکانی پەیوەست بە پێوەندیی نێوان دارشتنی چیرۆکی هەڵبەستراو بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە دەورووژێنێت، کە دروستکردنی چیرۆکەکە و ڕاڤەکردنەکەی تێدا بەڕێوە دەچن

# لێکۆڵینەوە

لە ئەدەبدا تا ئەو ڕادەیە مامەڵە لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکاندا بکەن، کە هەوڵی ڕوونکردنەوەی دیوە کۆمەڵایەتییەکانی ناو دەقەکە بدەن، بەڵام «ڕۆبێرت ئیسکارپیت (١٩١٨—٢٠٠٠)»، ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و لێکۆڵیار لە بواری سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، پێی وایە، کە «خوێندنەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و لە هەمان کاتدا گۆشەگیریی تێدایە» بەو پێیەی خوێندنەوە بۆ زۆربەی خەڵک لە بنچینەدا، دەرچوونە لە واقیعی خۆیان، چونکە ئەوەندەی کاتەکە بخایەنێت، بە دونیای ناو چیرۆکە هەڵبەستراوەکە دەیانبەستێتەوە، بە هەموو ئەو هەلومەرج و پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی، کە چیرۆکەکە لە خۆی گرتوون، زیاتر لەوەی ڕاستەوخۆ بە هەلومەرجە پراکتیکییەکانی ژیانی ڕاستەقینەی خۆیانەوە خەریک بن٤. پێوەندیی نێوان ئەم هەلومەرجانە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆمان. «ئیسکارپیت» جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەم پێوەندییە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتی گەیاندنەوە دایە بەو پێیەی هەموو ڕووداوێکی ئەدەبی، کە لە بنچینەدا لەژێر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیدایە، پێویست بە سێ ڕەهەند دەکات: نووسەر، کتێب یا دەق، هەروەها خوێنەر یا خەڵک. بە وردبوونەوە لە پێوەندیی نێوان ئەم سێ ڕەهەندەوە، مرۆڤ ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیاری سۆسیۆلۆژی دەبێتەوە سەبارەت بە کردار و پەرچەکردار، ڕەفتار و بڕیاردەر، واتای بینراو و کۆنتێکستەکەی. بۆیە، کاتێ «ئیسکارپیت» سەرنجمان بۆ ئەو پێوەندییە سێکوچکەییەی نێوان نووسەر و کتێب و خوێنەر ڕادەکێشێت، ڕاستییەکەی، دەرگا لەسەر کۆمەڵێک پرسی سۆسیۆلۆژی دەکاتەوە، بەڵام باسی هیچ پێوەندییەکی ناوەکیی نێوان دونیای خەیاڵ و دونیای واقیع ناکات لە باری کۆمەڵایەتییەوە. بۆیە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لای ئەو لە دەرەوەی ڕووداوەکانی ناو دەقەکە دایە.

سۆسیۆلۆژیا لەسەر دوو ئاستدا سوود لە ڕۆمان دەبینێت بۆ لێکۆڵینەوەکانی. یەکەمیان لەسەر ئاستی دەقەکە، ئەمەیش بەبێ شیکردنەوەیەکی زانستییانە سەبارەت بە فۆرمە زمانەوانییەکانی ناو دەقەکە، جێبەجێ نابێت. دووەمیشیان لەسەر ئاستی دەرەوەی ڕووداوەکانی ناو دەقەکە، واتە لە کارلێکی نێوان خوێنەر و دەقەکەوە. ڕاستییەکەی، ئێمە کاتێ باسی دەقی ڕۆمان دەکەین، مەبەستمان چیرۆکێکە، کە خەیاڵی نووسەر چنیویەتی، بۆیە بەر لەوەی سەیری ئەو چیرۆکە بکەین لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە، با نەختێک لەسەر چەمکی چیرۆک بوەستین.

چیرۆک لەناو ڕۆمان، ئەفسانە، داستان، مێژوو، تراژیدیا، کۆمیدیا، هۆنراوە، شانۆی بێدەنگ، سینەما، گفتوگۆ، هەروەها لە تابلۆیەکی هونەرییشدا هەیە. بێجگە لەمەش، هەر بەو فۆرمە هەمەچەشنانەوە، چیرۆک لە هەموو سەردەمێکی مێژوویی و لە هەموو شوێنێکدا، لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەر هەبووە و هەیە. چیرۆک هەر لەگەڵ دەستپێکردنی مێژووی مرۆڤەوە هەیە. هەموو چینەکان، گرووپەکان چیرۆکی خۆیانیان هەیە.... چیرۆک لەناو هەموو میللەتێکی جیهان، لە هەموو قۆناغێکی مێژوویی، لەناو هەموو کولتوورێکدا هەیە. لە هەر شوێن و کاتێک ژیان هەبووبێت، چیرۆکیش هەبووە.

بەر لەوەی بپرسین ئاخۆ سۆسیۆلۆژیستەکان چ شتێکیان لە چیرۆک دەست دەکەوێت یا چۆن چیرۆک لێکدەدەنەوە و چ ئەنجامێک لە دەرهاویشتەکانی

# لە هەر شوێن و کاتێك ژیان هەبووبێت، چیرۆکیش هەبووە

ئەو چیرۆکە بە دەست دێنن، کە ڕۆمان لە خۆی دەگرێت، با هەندێک پێناسە بۆ چیرۆک، وەک پێکهاتەی سەرەکیی ڕۆمان، بخەینە ڕوو: زمانەوانی ئەمریکی «ولیەم لابۆڤ (١٩٢٧—)» پێی وایە، کە چیرۆک «ڕێگەیەکە بۆ دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ڕابووردوو لە ڕێگەی هاوتاکردنی ڕیزبەندیی ئەو ڕستانەی، کە بە زار دەردەبڕێت لەگەڵ ڕیزبەندیی ئەو ڕووداوانەی، کە بە ڕاستی ڕوو دەدەن»٥. ئەم پێناسەیە، بێ ئەوەی لە ناوەڕۆکدا هیچی لێ کەم بکرێتەوە، دواتر، لە ڕوانگەی جیاوازەوە داڕێژرایەوە. بۆ نموونە «ڕایمۆن کینان» دەڵێت «زنجیرەیەک ڕووداوی یەک لە دوای یەکە»٦. «ستیڤن کۆهێن» و «لیندا شایرس» لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا، «گێڕانەوەی چیرۆک: شیکر د نە و ە یە کی تیۆری چیرۆکی هەڵبەستراو» ئاماژە بە پێناسەی چیرۆک دەکەن و دەڵێن: « خە سڵە تێکی تایبەتی چیرۆک لەوە دایە، کە ڕووداوەکانی بە ڕێکوپێکییەوە ڕێک خراون»٧. چیرۆک لەلای «مایکڵ توولان»، پرۆفیسۆر لە بواری زانستی زمانی ئینگلیزی، بریتییە لە «بینینی ڕیزبەندیی ئەو ڕووداوانەی، کە بەپێی پلانێکی داڕێژراو بەیەک بەستراونەتەوە»٨.

دیارە هەموو ئەو پێناسانە لە ناوەڕۆکدا هەمان شتن. بە هەرحاڵ، سەرچاوەی هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمی فۆرمالیستە ڕووسییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە جیاوازیی نێوان چیرۆک و (story) پلانی چیرۆکیان (plot) خستە ڕوو. هەڵبەت بنیادی پلانی چیرۆک، وەکو «ئەرەستۆ» ڕوونی دەکاتەوە، ئەو ڕووداوانەن، کە چیرۆک پێک دێنن و سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییان هەیە و بە شێوەیەک لە شێوەکان بە یەکەوە بەستراونەتەوە. فۆرمالیستی ڕووسی «تۆماسێڤسکی» سەبارەت بە هەردوو چەمکی چیرۆک و پلانی چیرۆک دەنووسێت: «پلانی چیرۆک جیاوزە لە چیرۆکەکە. هەردووکیان هەمان ڕووداو دەگرنە خۆ، بەڵام لە پلانەکەدا، ڕووداوەکان بەپێی ڕیزبەندییەوە لە بەرهەمەکەوە ڕێک دەخرێن... بە کورتی، چیرۆک بریتییە لە خودی ڕووداوەکان، بەڵام خوێنەر چۆن لە ڕووداوەکان دەگات، ئەمەیان پلانەکەیە»٩. هەڵبەت ڕیزبەندیی ڕووداوەکان لە هزری نووسەردا جێگیرە، بەڵام ئەو چۆن لە بەرهەمەکەدا پاش و پێشیان پێ دەکات، ئەمەیان دەوەستێتە سەر ئەو تەکنیکەی بەکاری




سۆسیۆلۆژیا لەسەر دوو ئاستدا سوود لە ڕۆمان دەبینێت بۆ لێکۆڵینەوەکانی. یەکەمیان لەسەر ئاستی دەقەکە، ئەمەیش بەبێ شیکردنەوەیەکی زانستییانە سەبارەت بە فۆرمە زمانەوانییەکانی ناو دەقەکە، جێبەجێ نابێت. دووەمیشیان لەسەر ئاستی دەرەوەی ڕووداوەکانی ناو دەقەکە، واتە لە کارلێکی نێوان خوێنەر و دەقەکەوە

# لێکۆڵینەوە

دێنێت. بونیادگەرە فەڕەنسییەکان چیرۆکیان لە گوتار جیاکردەوە. ئەوە لۆژیکی ڕیزبەندیی ڕووداوەکانە، کە دەبێتە بەردی بناغەی چیرۆک. بەبێ ئەمە چیرۆک بوونی نییە. ئەوەی دەقی چیرۆکئامێز لە دەقی ئاسایی جیا دەکاتەوە، بوون و نەبوونی لۆژیکی ڕیزبەندیی ڕووداوەکانە. بەپێی بۆچوونی «تۆماسێڤسکی»، دەکرێ چیرۆک وەکو «گەشتێک بێت لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر». بە واتایەکی تر، چیرۆک ئەو گۆڕانکارییە لە خۆ دەگرێت، کە لە هەلومەرجەکاندا ڕوو دەدات کاتێ بەرە بەرە ڕیزبەندیی ڕووداوەکان دەردەکەوێت. ئەم ڕیزبەندییە بەشێکی گرنگە بۆ هەر پێناسەیەکی چیرۆک. هەموو ئەو لێکۆڵەرانەی، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان، هەر پێ لەسەر هەمان خاڵ دادەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێکخستنی ڕووداوەکان بەپێی زەمەنەکانیانەوە چەندە گرنگ بێت، هێشتا نابێتە دوا مەرج بۆ پەیدابوونی چیرۆک. پێویستە ڕووداوەکان بەپێی هەندێک پرەنسیپی لۆژیکی بەیەک ببەسترێنەوە. دزێک ناتوانێت دزی لە ماڵێکدا بکات پێش ئەوەی لە دەرگاکەوە یا پەنجەرەکەوە بچێتە ژوورەوە. دەشێ ڕیزبەندیی ڕووداوەکان لەسەر ئاستی پلانەکە ئاڵۆز بێت، چونکە ڕووداوەکان بە شێوازی جیاجیای تەمومژئامێزەوە بەیەک دەبەسترێنەوە. پاشان، پێویستە ڕووداوەکان گۆڕانکارییان تێدا بێت لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، ئینجا گرنگ نییە گۆڕانکارییەکە لە بارێکی باش بۆ خراپ بێت یا پێچەوانەکەی. ئەم گۆڕانکارییە خەسڵەتێکی زۆر پێویستە بۆ چیرۆک. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ڕووداوەکان، کە یەک لە دوای یەک دێن وەکو یەک گۆڕانکارییان لێ ناکەوێتەوە. ئەو مۆتیفانەی، کە هەلومەرجەکان دەگۆڕن هەمیشە لە گۆڕان دان، وەکو ڕەفتار و کردارەکان یا ڕووداوەکان. ئەمانە ئەرکێکی سەرەکییان لە چیرۆکدا هەیە. ئەوانەیش، کە هەلومەرجەکان ناگۆڕن مۆتیفی لەنگەرگرتوون یا نەگۆڕن. لە چیرۆکدا، جیاوازیی نێوان ئەو ڕووداوانەی، کە هەلومەرجەکان دەگۆڕن و ئەوانەیش، کە نایانگۆڕن، زۆر دێتە پێشەوە. ئەو مۆتیفانەی، کە لە گۆڕاندان، هەروەها ئەرکە بنچینەییەکانیان و ڕووداوە گرنگەکان، نیشانەی زمانەوانیی گونجاویان هەیە و دۆزینەوەی ئەم نیشانانە، کاری زانستی زمان و زمانەوانەکانە. بە بۆچوونی «ولیەم لابۆڤ»، دوو ڕستەی ناتەواو، کە لە باری ڕیزبەندییەوە ڕێک خراون، گوزارشت لە چیرۆکێکی بچووک دەکەن. هەیکەلی ئەو چیرۆکەی، کە ڕۆمان لەخۆی دەگرێت لە زنجیرەیەک ڕستەی ناتەواوی ڕیزبەندکراو بەپێی کاتەکانیان پێکهاتووە، کە «لابۆڤ» ناویان دەنێت «ڕستەی چیرۆکئامێز». دیارە بەبێ ئەم ڕستانە، چیرۆک بوونی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەو ڕستانەی، کە چیرۆکێک لەخۆیان دەگرێت، ڕستەی چیرۆکئامێز نین. «لابۆڤ» بەم جۆرە ڕستانە دەڵێت «ڕستەی ئازاد». ئەمانە ڕستەی وەسفئامێزن و هیچ جووڵەیەک لە خۆ ناگرن، وەک لەم نموونەیە دەردەکەوێت:

١.من کوڕێک دەناسم ناوی «سیروان»ە.

٢.کوڕێکی تر بوتڵێکی ڕێک لە سەری ئەو گرت.

٣.ئینجا بە سێ تەقەڵ دوورییانەوە.

بەپێی بۆچوونی «لابۆڤ» تەنها دوو ڕستەکەی کۆتایی ڕستەی چیرۆکئامێزن و ڕستەی یەکەم ڕستەیەکی ئازادە. ڕستەی ئاوا بە ئاسانی جێگۆڕکێی پێ دەکرێت بێ ئەوەی هیچ لە ماناکە بگۆڕێت، چونکە بەشێک نییە لە پێکهاتە زەمەنییەکەی ڕستەکانی تر. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت، کە

# لە چیرۆکدا، جیاوازیی نێوان ئەو ڕووداوانەی، کە هەلومەرجەکان دەگۆڕن و ئەوانەیش، کە نایانگۆڕن، زۆر دێتە پێشەوە

«لابۆڤ» ناوی ناوە «ڕستەی ئازاد»، بەڵام کاتێ جێگەی ڕستە چیرۆکئامێزەکان، وەک «لابۆڤ» ناویان دەنێت، دەگۆڕدرێن، ماناکانیشیان لە باری زەمەنییەوە دەگۆڕێن. بۆ نموونە، سەیری ئەم دوو ڕستەیە بکە:

من مشتەکۆڵەیەکم بەو کوڕەدا کێشا/ و ئەویش مشتەکۆڵەیەکی پیا کێشام.

ئێستا ئەگەر شوێنیان بگۆڕین، ماناکەیان لە باری زەمەنییەوە دەگۆڕدرێن:

ئەو کوڕە مشتەکۆڵەیەکی پیا کێشام/ و منیش مشتەکۆڵەیەکم پیا کێشا.

کرۆکی چیرۆک لەوەدا نییە، کە دەگوترێت، بەڵکو لەوەدایە، کە دەکرێت. هیچ لێدانەوەیەک بۆ بنیادی چیرۆک بوونی نییە بەبێ پشتبەستن بە دیاردەگەرایی ڕووداوەکان، ئینجا ئەم ڕووداوانە ئاشکرا بن یا شاراوە. بۆیە تیۆریستەکانی چیرۆک جەخت لەسەر ڕەوتی ڕووداو دەکەن لە شیکردنەوەدا. «ئەرەستۆ» یەکەم کەسە، کە جەخت لەسەر کردار دەکات. بۆیە پێی وایە تراژیدیا زیاتر گوزارشتکردنە لە کردار و ژیانی خەڵک. هەر خەسڵەتێک، کە مرۆڤ سەبارەت بە کارەکتەرەکەیەوە هەیبێت، وەکو ڕاستگۆیی، هەستناسکی، دڵرەقی و... هتد، یان بوونی حاڵەتەکانی وەکو بەختەوەری، نائومێدی، تەنها لە ڕێگەی کردارەوە دەردەکەون. لە چیرۆکدا ئەم کردارانە ڕیزبەندییەکی لۆژیکییان هەیە. جیاکردنەوەی ڕستەی چیرۆکئامێز لە ڕستەی ئازاد لە بنیادی چیرۆکدا، هەروەها جیاکردنەوەی دەقی چیرۆکئامێز لە دەقی ئاسایی، کە دەگەڕێتەوە بۆ بوون و نەبوونی لۆژیکی ڕیزبەندیی ڕووداوەکان، ناوەڕۆکی تیۆرەکانی زمانە.

سەرەڕای ئەمەیش، شیکردنەوەی دەق لە باری زمانەوانییەوە تەنها پێوەندیی نێوان وشەکانی ناو دەقەکە ئاشکرا ناکات یا دەقێک لە دەقێکی ترەوە جیا ناکاتەوە (وەکو دەقی چیرۆک لە دەقەکانی تر). دەق تەنها پێوەندیی نێوان وشەکان یا دەقەکان دەرناخات، بەڵکو پێوەندیی نێوان دەق و واقیعی کۆمەڵایەتیش دەردەخات. بۆیە سۆسیۆلۆژیستەکان بە پەنهانییەوە دوای زمانەوانەکان دەکەون بۆ ئەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ ڕوون بێتەوە. زمانەوانەکان چەندەها لێکۆڵینەوە تەنها بۆ چوار دێڕ لە دەقێکدا دەکەن، ئینجا چجای چیرۆکێک.

سۆسیۆلۆژیستەکان نە خولیای شیکردنەوەی جیاوازییەکانی دەقەکەن لە باری زمانەوانییەوە نە کەرەسەی تیۆرییەکانیشیان بۆ ئەم مەبەستە هەیە. ئەوان بە دوای فۆرمە نەگۆڕەکانی بنیادی چیرۆکدا ناگەڕێن، بەڵکو بە دوای فۆرمەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگەڕێن و چیرۆکی تاکەکان پارچە پارچە دەکەن، ئینجا پارچەکانیان لە چیرۆکێکی نوێدا دادەڕێژنەوە و ئەم چیرۆکە نوێیەش لە چوارچێوەی ئەدەبێکی سۆسیۆلۆژیی مانابەخشەوە، وەکو دەقێکی زانستیی هاوکۆک و گونجاو دەخەنە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا، کارکردن لەسەر دەقێکی ڕۆمان، وەکو بەرهەمێکی کولتووری، بە مەبەستی دۆزینەوەی دیوە سۆسیۆلۆژییەکان ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە سەبارەت بە تێگەیشتن لە واتای ڕۆمان و چۆنییەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واتایە لە لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییەکاندا.

دیارە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان بە نیازی ڕاڤەکردن لە بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکاندا دەدوێن بەو پێیەی بابەتەکان، هەر لەو کاتەوە کە دێنە کایەوە، واتاکانیان لەناو خۆیاندا چەسپاندووە و مرۆڤ

هەیکەلی ئەو چیرۆکەی، کە ڕۆمان لەخۆی دەگرێت لە زنجیرەیەک ڕستەی ناتەواوی ڕیزبەندکراو بەپێی کاتەکانیان پێکهاتووە، کە «لابۆڤ» ناویان دەنێت «ڕستەی چیرۆکئامێز». دیارە بەبێ ئەم ڕستانە، چیرۆک بوونی نییە

# لێکۆڵینەوە

پێویستە دەریانبخات و بیانخاتە ڕوو. هەندێکی تر لە پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کار لەسەر بابەتە ئەدەبییەکان دەکەن، وەک ئەوەی واتاکان کێشەئامێز نەبن یاخود کەمتر سەرنجڕاکێش بن لە توانای ئەم واتایانە لە پێشاندانی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان. هەڵبەت ئەم شێوازە لە کارکردندا، ئەگەرچی زۆر گرنگە، بەڵام توانای نییە لەسەر هەندێک لە تایبەتمەندێتییەکانی کولتوور بدوێت، ئەو تایبەتمەندێتییانەی، کە پێوەندییان بە توانای کولتوورەوە هەیە لە گواستنەوەی واتا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر. لە کاتێکدا ڕێبازی یەکەم واتا بە هەند هەڵدەگرێت، بەڵام تەنها باس لە نیوەی مەسەلەکە دەکات. مرۆڤ واتا لەو بەرهەمە کولتوورییانەدا دەدۆزێتەوە، کە لە کات و شوێنی جیاوازدا دێنە بەرهەم. هەر ڕاڤەکردنێک دەربارەی چۆنییەتی و هۆکاری ئەمە بکرێت، پێویستە ددان بەوەدا بنێت، کە بەرهەمە کولتوورییەکان بەردەوام واتا دێننە بەرهەم و پاشماوەی ئەزموونێکی مێژوویی جێگیر و نەگۆڕی دیاریکراو نین. بۆیە دەکرێت هەمان ڕۆمان لە کات و شوێنی جیاجیادا واتای جیاجیای لێ بکەوێتەوە. بۆ نموونە، ڕەنگە خوێندنەوەیەک دەقەکە بە ئاڕاستەی مەسەلە کەسێنی و نەتەوایەتییەکاندا ببات و یەکێکی تر زمانی ڕۆمانەکە و تایبەتمەندێتییە ئەدەبییەکانی بە هەند وەربگرێت، لە کاتێکدا خوێندنەوەیەکی تر پێ لەسەر مەسەلەی ڕەگەزپەرستی یا ئازادی تاک یا هەر شتێکی تر دابگرێت. بەپێی ئەم بۆچوونە، ڕۆمان دەسەڵاتێکی کولتووریی بە پلە جیاوازی هەیە، کە دواجار توانای بەرهەمهێنانی واتای هەمەجۆری لێ دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا، وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی، یەکنەوایی و هاوکۆکیی خۆی ڕادەگرێت.

کەواتە، ئەو واتایەی دەخرێتە پاڵ هەر دەقێکی ئەدەبی لە توانا سەمبوڵییەکانی بابەتەکە و هەروەها لەو ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خوێنەر لەگەڵ بابەتەکەوە هەیەتی و بە هۆیەوە کەرەسەکانی بابەتەکە دێنێتە پێش چاو. بۆیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەوە بگات، کە بابەتێکی کولتووری چ مانایەکی هەیە بۆ گرووپێک یا کۆمەڵێک لە خەڵک، پێویستە بتوانێت بە وردی لە هەلومەرجی داڕشتنی بینین یا شێوەی تێگەیشتنی ئەو گرووپە یا کۆمەڵە خەڵکە بکۆڵێتەوە لە باری کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها لە توانای بابەتەکە لە گەیاندنی پەیامی هەمەجۆر. دیارە ئەزموونی کۆمەڵایەتی و کولتووریی هەر گرووپێک بەپێی ڕەوتی مێژوو، بینینی ئەو گرووپە دروست دەکات. هەر سەبارەت بەمەیە، کە مرۆڤ لە کارکردن لەسەر هەر بابەتێکی کولتووری بە مەبەستی تێگەیشتن لە بابەتەکە، بەشێک لە ئومێدەکانی خۆی لەسەر هەندێک گریمانەی پێشەکی دادەڕێژێت. مەبەستم لە گریمانەی پێشەکی، ئەو پاشخانە یا باکگڕاوندە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەیە، کە مرۆڤ بە ڕاستیان دەزانێت و لە ڕوانگەکەیەوە بەدواداچوون بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان دەکات. کەواتە، واتا کولتوورییەکە لە کارلێکی نێوان بەرهەمەکە، دەقەکە، بە هەموو ئەو سەمبوڵ و نیشانانەی لە خۆی گرتوون لەگەڵ ئەو کەسەی، کە ئەزموونی لەگەڵیاندا هەیە چ لە کاتی بەرهەمهێنانی دەقەکە (لەلایەن نووسەرەوە) و چ لە کاتی وەرگرتنی لەلایەن ئەو کەسەوە، دروست دەبێت. هەڵبەت خوێنەر، وەکو وەرگر، دواجار، تاکێکە و لەژێر کاریگەرێتیی تایبەتمەندێتییەکانی سایکۆلۆژیا و بەسەرهات و ئەزموونەکانی خۆی

# کرۆکی چیرۆك لەوەدا نییە، کە دەگوترێت، بەڵکو لەوەدایە، کە دەکرێت

دایە. بۆیە لە ڕوانگەی فۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو چین، ڕەگەز، نەتەوە، پیشە، تەمەن، وەرگر بە شێوازی جیاجیا مەسەلەکە لێک دەداتەوە، چونکە بینین لە ڕوانگەی هەر یەک لەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەی سەرەوە، جیاوازە. ئەمەیە وا لە سۆسیۆلۆژیستەکان دەکات لە لێکۆڵینەوەکانیاندا جیاوازیی نێوان هەموو ئەو خوێندنەوانەش بە هەند هەڵبگرن و لێکیان بدەنەوە، کە لە سرووشتی هەڵکەوتە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان دەکەونەوە. بۆیە، ڕاڤەکردنی ڕێکوپێک بۆ هەر دەقێکی کولتووری، ئەگەر لە ڕادەبەدەر پێویست بێت بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە، بەڵام خۆ زۆربەی لێکۆڵەر و کۆمەڵناسەکان لەگەڵ زۆر لە ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان، کە بڕوایان وایە هەر بەرهەمێکی کولتووری چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا دێتە بەرهەم، بەردەوام مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکەن، کە دەکرێ، بۆ نموونە ڕۆمان ئەو ناوەندە بێت، کە زانیارییە سۆسیۆلۆژییەکان لە خۆ بگرێت و بەڕوونی هەڵوێست و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تێدا بەرجەستە بێت.

لە سەرێکی ترەوە، «وات» پێی وایە، ئەو دەستوور و نەریتانەی، کە لە ڕەخنەی ئەدەبی پەیڕەو دەکرێن هاوکات لەگەڵ ئامانجە سۆسیۆلۆژییە بەرچاوەکانی لانی کەم هەندێک لە ڕۆماننووسەکان بەڵگەی ئەوە دەدەنە دەست، کە ڕۆمان وێنەی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت. بەهەرحاڵ، ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی ناکۆکە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی، کە پێی وایە پێویستە ڕۆمان، بەر لە هەموو شتێک، وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی و ئێستاتیکی سەیر بکرێت زیاتر لەوەی، تێکستێک بێت بۆ گوزارشتکردن لە حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان.١٠ بۆیە بەپێی لێکۆڵینەوەکانی سەردەم دەربارەی تیۆری ئەدەب، مەسەلەی بەکارهێنانی ڕۆمان وەک شێوازێک بۆ پێشاندانی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەگەری پێشاندانی وێنەیەکی ڕێکوپێکی بێ پێچوپەنای واقیعی کۆمەڵایەتی، کە لەسەر تاقیکردنەوە و سەرنجدان بەند بێت، لە ڕێگەی ڕۆمان لەلایەن زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی سەردەم جێگەی گومانە. لێکۆڵەر و نووسەرەکان، بە گشتی، ئەوە لەبەرچاو دەگرن، کە دەشێت ئەم پێشاندانە «نەختێک» لە واقیع بگرێتەوە. ئەم «نەختێکە»یش ئەوەیە، کە نووسەر، خۆی، بە پێویستی دەزانێت و هەڵی دەبژێرێت. بۆیە، ئەوەی شێوەی دەقی ڕۆمانێک دیاری دەکات، زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان نین. نووسەر بە ڕێگەی جیاجیا دەقەکە، وەکو بەرهەمێکی هونەری ئێستاتیکی، دادەڕێژێت: بۆ نموونە، بەپێی دەستوور و نەریتەکانی هونەری نووسین، بەپێی سایکۆلۆژیای ئارەزووەکان و پێویستیی شاردنەوەیان، خۆ لە هەندێک هەلومەرجدا، بەپێی کولتووری زاڵی چینی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگە و پاشانیش، بە پێی تایبەتمەندێتیەکانی زمان١١، کە دواجار واتای بەرچاوی دەق تێک دەدات، چونکە دەچێتە ناو کایەی ئێستاتیکەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا، ئەو بۆچوونەی، کە پێی وایە پاڵنەری خوێندنەوەی ڕۆمان بەدەستهێنانی زانیارییە دەربارەی کۆمەڵگە بۆچوونێکی ساویلکانەیە.

دیارە زۆر جار مرۆڤ هەڵوێستێک سەبارەت بە سەرچاوەیەکی مەعریفییەوە وەردەگرێت، کە لە ڕوانگەی تیۆری زانستییەوە هەڵوێستێکی ساویلکانەیە. لەکاتێکدا، کە سۆسیۆلۆژیستەکان،

سۆسیۆلۆژیستەکان بە پەنهانییەوە دوای زمانەوانەکان دەکەون بۆ ئەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ ڕوون بێتەوە. زمانەوانەکان چەندەها لێکۆڵینەوە تەنها بۆ چوار دێڕ لە دەقێکدا دەکەن، ئینجا چجای چیرۆکێک

# لێکۆڵینەوە

بەپێی ئەم بۆچوونە، پێویستە زۆر وریا بن بۆ ئەوەی نەخزێنە ناو ئەو هەڵوێستە ساویلکانەیە لە بەهەڵەلێکدانەوەی ڕۆمان وەکو سەرچاوەی زانیاری دەربارەی کۆمەڵگە، بەڵام خوێنەران بە گشتی ئاوا ناچار نین بچنە ژێر باری ئەم وریابوونە، چونکە خوێنەرانی لانی کەم هەندێ جۆری ڕۆمان، ڕووداوەکانی ناو ئەو چیرۆکەی، کە خەیاڵی نووسەرەکە چنیوویەتی، دەکەن بە بنەما بۆ تێگەیشتن لە دونیای واقیع یا هەر هیچ نەبێ بیروباوەڕ و داخوازییەکانیان لە چوارچێوەی ئەو وێنەو دەرکەوتانە دادەڕێژن، کە چیرۆکە هەڵبەستراوەکانی ناو ڕۆمانەکان دەربارەی کۆمەڵگە دەیانخەنە ڕوو. بە واتایەکی تر، خوێندنەوەکان، ڕۆمان دەکەن بە بنەما بۆ مشتومڕێکی زۆر دەربارەی سیاسەت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە، پێگەی ڕۆمان لە گوزارشتکردن لە واقیعی ناو کۆمەڵگە، لە ڕووی تیۆرییەوە هەرچۆن بێت، لێکدانەوەی وێنەو دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە دەبێتە جێگەی بایەخی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، بەتایبەتی ئەگەر لێکدانەوەکە تێگەیشتنی واتا بە پێوەندییە سۆسیۆلۆژییە ڕیشاژۆیەکاندا ببەستێتەوە.

هەڵبەت سۆسیۆلۆژیستەکان کار لەسەر پرەنسیپەکانی کارلێک و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتییەوە دەکەن لەناو کۆمەڵگەدا. لەم کارکردنەدا ڕێگەی جۆراوجۆر تاقی دەکەنەوە، کە مرۆڤ بە ڕەوایان بزانێت، بەمەبەستی قووڵبوونەوەی زیاتر لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان بەگشتی. لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆمان وەکو نێوەندێک سەیر دەکەن، کە خەڵک لە کارلێک و تێکەڵاوبوونە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاماژەی پێ دەکەن و پەیڕەوی دەکەن، چونکە ڕۆمان بە گشتی، هەموو ئەو کەرەسانەی تێدایە، کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەناو کۆمەڵگە بەکاریان دێنێت و سۆسیۆلۆژیستەکانیش لە لێکۆڵینەوەکانیاندا پەنایان بۆ دەبەن. بەڵام وەکو ئاماژەمان پێ دا، ڕۆمان، وەکو تێکستێکی ئەدەبی، خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە سەبارەت بەوەی واتا ئاڵۆزەکان دەگەیەنێت. دیارە ئەمەیش لە مەیدانی لێکۆڵینەوەکانی سۆسیۆلۆژیا بەدەرە. ئەم ڕاستییەش بۆ سۆسیۆلۆژیستەکان ڕوونە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئەم جیاوازییە وەکو هاندەرێک بێت بۆ دۆزینەوە یا فێربوون زیاتر لەوەی حاڵەتێکی ڕەها بێت. ڕاستییەکەی، هەندێک لە تیۆریستەکان وەکو چۆن دەقێکی ئەدەبی دەپشکنن بە مەبەستی دۆزینەوەی واتا، بە هەمان شێوەیش، «کۆمەڵگە وەکو دەق» دەپشکنن بەدوای دۆزینەوەی واتا کولتوورییەکان، کە پێوەندییان بە هەر بابەتێکەوە هەبێت. بە هەرحاڵ، سۆسیۆلۆژیستەکان ڕۆمان وەکو کەرەسە بۆ شیکردنەوەکانیان بەکار دێنن، بێ ئەوەی گوێ بە واتاکانیان یاخود تا ڕادەیەک بە ئاماژە شاراوەکانیان بدەن، چونکە ئەمە کاری ڕەخنەگرە ئەدەبییەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان، بە پشتبەستن بە تێکستە ئەدەبییەکان، بە تایبەتیش ڕۆمان، لێکۆڵینەوەی زۆریان ئەنجام داوە و بەرهەمەکانی «وێندی گریسوۆڵد»، ژنە پرۆفیسۆری ئەمریکی لە بواری سۆسیۆلۆژیادا، بەشێکن لەم لێکۆڵینەوانە. لەگەڵ ئەوەیشدا، سۆسیۆلۆژیا ئەو دەرفەتەی هەیە، کە تێکستەکە وەکو چیرۆک نەخاتە پشتگوێ و ئەو هۆکارانە ڕوون بکاتەوە، کە چیرۆکی ناو دەقەکە بۆ مرۆڤ دەکەن بە چیرۆکێکی مانابەخش سەبارەت بەوەی

# خوێندنەوەکان، ڕۆمان دەکەن بە بنەما بۆ مشتومڕێکی زۆر دەربارەی سیاسەت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

دەچێتە ناو پرۆسێسی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە.
بەرهەمی ئەدەبی بریتییە لە چالاکییەکی هاوبەش و باشترین شێوە بۆ تێگەیشتنیش لە هەر شێوازێکی گوزارشتکردنەکانی بەرهەمەکە لە چوارچێوەی چالاکییەکی هاوبەشەوە دەبێت. ئەو چیرۆکەی، کە ڕۆمانێک لە خۆی دەگرێت لە چوارچێوەی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیی ناو تێکستەکەوە بەرێوە دەچێت و دێتە بەرهەم. دیارە هەر لە چوارچێوەی فۆرمەکانی ئەم دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەدایە، کە کەسەکانی ناو چیرۆکە و هەروەها ئەوانەیش، کە لە دەرەوەی تێکستەکەدان (مەبەستم خوێنەرانە) بیروباوەڕ و پێوەندییەکانیان لەسەر دادەڕێژن، زمان و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان فێر دەبن و بەکار دێنن و دادەهێنن، کە دواجار تێکستەکە و ڕاڤەی تێکستەکەیش دێننە بەرهەم. دەوروبەرەکان لە فۆرمی جیاجیادا دەردەکەون، بۆیە کێشە گشتییەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەم فۆرمە جیاجیایانەدا چارەسەر دەکرێن. هەڵبەت چارەسەری کێشەکان لە چوارچێوەی ڕەزامەندییەکی هاوبەشەوە دەبێت، کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا لەگەڵ ئامانجە نزیکەکاندا کۆکە. بەم شێوەیە زمان و پرەنسیپە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی مشتومڕکردن و ڕێککەوتن لەسەر هەموو ئەو کاردانەوانەی، کە لە پێشاندانی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا، هەروەها ڕاڤەی دەقەکە دەکەونەوە، دەگۆڕێن و پێش دەکەون. هەتا تێکستەکان جیاواز بن یا جیاوازییەکان قووڵ بکەنەوە، مشتومڕەکان فراوانتر دەبن و گفتوگۆکان، بە قووڵبوونەوە لە دەقەکە، لەلایەن بەشداربووان لە کات و شوێنی جیاجیادا بەردەوامیتی لەخۆ دەگرن. ئەم گفتوگۆ و مشتومڕانە بەشێکن لە سرووشت و دەرهاویشتەکانی تێکستەکە. هەموو ئەوانەی، کە لە چوارچێوەی دەقێکی ڕۆماندا حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان پێشان دەدەن و ئەو خوێنەرانەیش، کە لە دەرەوەی دەقەکەدا ئەم دەرکەوتە کۆمەڵایەتییانە بەکار دێنن، هەر لە چوارچێوەی سرووشت و دەرهاویشتەکانی دەقەکەوە کار دەکەن. خەسڵەتێکی گرنگی کارکردن بەم ئاڕاستەیە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانەی، کە دەقەکە لە چوارچێوە ئەدەبییەکەدا دێننە بەرهەم لەگەڵ ئەو چالاکییە هاوبەشانەی، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەرهاویشتەکانی دەقەکەدا، لە دەرەوەی خۆی، پێش دەکەون. باشترین نموونەیش بۆ ئەمە چۆنیەتی هەڵسکەوتی خوێنەرانە لەگەڵ خەڵکی تر دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە. واتە، تا چەند خوێندنەوەی ڕۆمانەکە کار دەکاتە سەر کارلێکی کۆمەڵایەتیی خوێنەران. ئەمە ئەو ئەنجامەیە، کە بۆ سۆسیۆلۆژیستەکان زۆر گرنگە.

ئەمڕۆ هەموو چالاکییەک بە ئاڕاستەی شیکردنەوەی دەق بووەتە جێگەی بایەخی تیۆری ئەدەبی سەردەم. دیارە هەر دەقێکی تەمومژاوی و یەکلانەکراوە، کە لە چوارچێوەی لێکدانەوە جیاوازەکان مشتومڕێکی تایبەتی دەربارەوە دەکرێت، تا ڕادەیەک کێشە نانێتەوە، بەڵام لێکدانەوەی جیاجیا بۆ دەقە زانستییەکان کێشە بۆ زانایان دەنێنەوە، چونکە گوتاری زانستی فاکتەئامێزە و تەنها یەک لێکدانەوەی ڕاست و دروست هەڵ دەگرێت. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی داڕشتنەکەی، کە خوێنەران بە ئاڕاستەی ئەو ئەنجامەدا دەبات، کە نووسەرەکە مەبەستیەتی. نە هیچ وردەکارییەکی تر و نە ئەگەری هیچ حاڵەتێکی سەرلێشێوان لەخۆ ناگرێت، بەڵام نەخشە و پلانی ڕۆمان بواری ئەوەی هەیە چەندەها

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی سەردەم دەربارەی تیۆری ئەدەب، مەسەلەی بەکارهێنانی ڕۆمان وەک شێوازێک بۆ پێشاندانی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەگەری پێشاندانی وێنەیەکی ڕێکوپێکی بێ پێچوپەنای واقیعی کۆمەڵایەتی، کە لەسەر تاقیکردنەوە و سەرنجدان بەند بێت، لە ڕێگەی ڕۆمان لەلایەن زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی سەردەم جێگەی گومانە

تریشەوە، بەڵگەی ئەوەیە، کە ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی بەهێز و ئەنجامبەخش و زیندووە. دەکرێ دەقێک، کە چیرۆکێک لە خۆ دەگرێت و خەیاڵ چنیوویەتی خوێندنەوەیەکی مشتومڕئامێزی بۆ بکرێت، ئەگەرچی خوێندنەوەکە فۆرمی مشتومڕ وەرناگرێت، بەڵکو زیاتر سەرنجدان و تێبینیکردنی دونیا دروستکراوەکەی خەیاڵی ڕۆماننووسەکەیە. ئەو بارودۆخەی، کە ئەم دونیا دروستکراوە لە خۆی دەگرێت لەوە زیاتری تێدایە، کە تەنها یەک ئاڕاستە لە مشتومڕ هەڵبگرێت. بۆیە خوێنەرانی ڕۆمان مشتومڕەکانیان لەسەر بەشێک لەو زانیارییانە بنیاد دەنێن، کە دەقەکە پێیان دەبەخشێت. هەڵبەت مرۆڤ پێشبینیی ئەوە دەکات بە شێوەیەکی ئەکتیڤ خوێندنەوەکانیان ئەنجام بدەن، چونکە بەدوای بەڵگەدا دەگەڕێن بۆ مشتومڕەکان زیاتر لەوەی بەدوای گوتارێکی ڕوون و ئاشکرادا بگەڕێن، وەک لە دەقێکی زانستیدا دەیکەن. بۆیە، هەندێ لە ڕەخنەگرانی وەکو «جان تۆمپکینز»١٢ پێیان وایە، نابێت خوێنەریش بەدەر بێت لەو لێکۆڵینەوانەی، کە ڕەخنەگران دەربارەی دەقە ئەدەبییەکان دەیکەن، هەروەها جەخت لەسەر خوێندنەوەیەکی کارای دەقی ئەدەبی دەکەنەوە. هۆکاری ئەم بایەخپێدانە بە خوێنەر، وەکو «جانێت وەڵف» لە کتێبی «لێکدانەوە و ڕاڤەی ئەدەب لە



جیمس جۆیس

ڕوونکردنەوە بدات بۆ مانا. بۆیە لێکدانەوەی جیاواز لە ڕۆماندا جێگەی سەرسوڕمان نییە. بە پێچەوانەوە خوێندنەوەی جیاجیا، لەسەرێکەوە، بەڵگەی خوێندنەوەی ڕەخنەگرەکانە و لەسەرێکی

# ئەمڕۆ هەموو چالاكییەك بە ئاڕاستەی شیكردنەوەی دەق بووەتە جێگەی بایەخی تیۆری ئەدەبی سەردەم

کۆمەڵگە»١٣، ئاماژەی بۆ دەکات، لە ئەنجامی «ڕەخنەی هێرمێنوتیان»ەوە بوو لەو بۆچوونەی کە دەڵێت واتای ڕاست و دروست لەناو دەقەکەدایە و پێویستە مرۆڤ بیدۆزێتەوە یاخود، کە دەڵێت ڕاڤەکردنی دەق بە هیچ شێوەیەک نابێت لە مێژوو و شوێن جیا بکرێتەوە، هەروەها سەبارەت بە هەمەچەشنیی کولتووری توێژە پێشەنگەکانی کۆمەڵگە و کارابوونی هەموو ئەو گرووپانەوە بوو، کە بەپێی نەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان، لە دەرەوەی کولتووری باڵادەست بوون، وەکو ژنان، کەمینە نەتەوایەتییەکان، هەروەها ئەو گرووپانەی، کە بە هۆکاری جوگرافییەوە پەراوێز کراون لە بەرهەمە کولتوورییەکان و لە ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانیان، هەروەها لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەربارەی ئەدەب و هونەر. بۆیە بەشدارکردنی ئەمانە لە مشتومڕەکان، بە بۆچوونی سۆسیۆلۆژیستەکان، سەرەتایەک بوو بۆ خوێندنەوەیەکی تازەی بەرهەمە کولتوورییەکان، چونکە لە ڕابووردوودا دەنگی زاڵی باڵادەستەکان لێکدانەوەکانیان سنووردار کردبوو. دیارە توێژەر و تیۆریستەکان، لە بەرامبەر گەشەکردنی ئەم هەمەچەشنییەدا لێبران بەدوای ڕێگەی تردا بگەڕێن بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی ئەو زانیارییانەی دەربارەی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان دەکەوێت، هەروەها لە ڕوانگەی جیاوازیی شوێن و دەوروبەری کارەکتەرەکانەوە، لێکدانەوەکانیان بەوپەڕی وردبینییەوە لە چوارچێوەیەکی تیۆرییەوە دابڕێژن. بەڵام چۆن ڕۆمان دەبێت بە بەشێک لە دروستکردنی واتا سۆسیۆلۆژییەکان لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا؟ «گریسوۆڵد» پێی وایە، کە هەمان ڕۆمان لە کۆمەڵگە جیاجیاکان خوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت. لە بۆچوونەکەشیدا پشت بە چەمکی «کۆمەڵگەی ڕاڤەکەر» دەبەستێت، کە تیۆریستی ئەدەبی بەڕەگەز ئەمریکی «ستانلی فیش» ئاماژەی بۆ دەکات و نموونەیش بۆ ئەم بۆچوونە، وەکو «گریسوۆڵد» دەیخاتە ڕوو ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس «جۆرج لامینگ»ە١٤(١٩٢٧- )، کە لە بەریتانیا و ئەمریکاو هەروەها لە زێدی خۆی -بەربادۆس- خوێندنەوەی جیاجیای بۆ کراوە سەبارەت بە جیاوازیی فۆرمە سۆسیۆلۆژییەکان١٥. بەڵام دیارە هەندێ ڕەهەندی تریش بۆ ئەم جیاوازییانە هەن لەناو خوێنەرانی هەمان کۆمەڵگەو کۆمەڵگەکانی تر. بۆ نموونە ڕۆمانی «جاز» یا ڕۆمانی «سروودی سولەیمان»ی ژنە ڕۆماننووسی ئەمریکی «تۆنی مۆریسۆن» تەنانەت لە ناو ئەمریکاش، سەبارەت بە فۆرمە سۆسیۆلۆژییە جیاجیاکانەوە، هەمان خوێندنەوەیان بۆ ناکرێت. بە هەرحاڵ، ئەو جیاوازییانەی، کە «گریسوۆڵد» ئاماژەیان بۆ دەکات ئەو جیاوازیانەن، کە لە ڕوانگەی تێبینییە هاوبەشەکانی هەمان کۆمەڵگەوە یا گرووپەوە دێت، کە جیایە لە تێبینییە هاوبەشەکەی کۆمەڵگەکان یا گرووپەکانی تر. بۆیە خوێندنەوەکان بۆ بەرهەمە کولتوورییەکان وەکو یەک نین. ئەو بەرهەمانەیش، کە کولتوورێکی بەهێزیان لە پشتە ئەو بەرهەمانەن، کە دەتوانن خوێندنەوەی جیاجیا بێننە بەرهەم.

ژنە سۆسیۆلۆژیستی ئەمریکی «ماریۆ دی ڤۆڵت»، لە چوارچێوەی خوێندنەوەی جیاجیا بۆ ڕۆمان سەبارەت بە فۆرمی سۆسیۆلۆژیی جیاجیاوە، ڕۆمانێکی «نادین گۆردیمێر»١٦ بە نموونە دێنێتەوە، کە ڕۆمانی «دوا دونیای بۆرژوا the late bourgeois world»یە١٧. «دی ڤۆڵت» نە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بە هەمان شێوەی

سۆسیۆلۆژیستەکان کار لەسەر پرەنسیپەکانی کارلێک و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتییەوە دەکەن لەناو کۆمەڵگەدا. لەم کارکردنەدا ڕێگەی جۆراوجۆر تاقی دەکەنەوە، کە مرۆڤ بە ڕەوایان بزانێت، بەمەبەستی قووڵبوونەوەی زیاتر لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان بەگشتی. لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆمان وەکو نێوەندێک سەیر دەکەن، کە خەڵک لە کارلێک و تێکەڵاوبوونە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاماژەی پێ دەکەن و پەیڕەوی دەکەن

# لێکۆڵینەوە

ڕەخنەگر لێک دەداتەوە نە گفتوگۆ دەربارەی ناوەڕۆکی سۆسیۆلۆژیی ڕۆمانەکە دەکات، بەڵکو لە گۆشەنیگای خوێنەری جیاجیاوە لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی شیکردنەوە بۆ بنەماو سنوورەکانی لێکدانەوە جیاجیاکان بکات. «دی ڤۆڵت» بەو ئاڕاستەیە کار ناکات، کە ڕۆمان بەرجەستەکردنێکی ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنای هەندێ واقیعی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵکو کار لەسەر گفتوگۆی خوێنەرەکان دەکات دەربارەی ڕۆمانەکە وەکو گوزارشتکردنێک لە واقیعە کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی دەقەکە لەیەن ئەوانەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەی، کە ڕۆمانەکە گوزارشتی لێوە دەکات. لە ئەنجامی بەدواداچوونی ئەم خوێندنەوانەدا، بۆی دەردەکەوێت، کە ڕاڤەکردنەکە چالاکییەکی هاوبەشە. جیاوازی لە ڕاڤەکردن ناوەستێتە سەر بینینی تاکەکان، بەڵکو دەوەستێتە سەر جیاوازیی خولیا و باری سەرنجی ئەم گرووپە لەگەڵ گرووپێکی تر دەربارەی هەمان دەق. دیارە خولیا و باری سەرنجەکان بە گشتی گەشە دەکەن و دەگەن بە چوارچێوەیەکی تازە بۆ ڕاڤەکردن. لە سەرێکی ترەوە، جیاوازی لە ڕووی ڕەگەزەوە، بۆ نموونە خوێندنەوەی ژن بۆ بەرهەمە کەلتوورییەکان، کاریگەرێتییەکی جیاوازی هەیە بەسەر لێکدانەوەی دەق.

بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم نووسینە مەسەلەکەی باشتر لا ڕوون بێت، با بە کورتی ناوەڕۆکی ڕۆمانی «دوا دونیای بۆرژوا the late bourgeois world» بخەینەڕوو:

ڕۆمانی «دوا دونیای بۆرژوا the late bourgeois world» ڕۆمانێکی کورتی ژنە ڕۆماننووسی ئەفریقی «نادین گۆردیمێر»ە و لە ساڵی ١٩٦٦ بڵاوکراوەتەوە. ڕۆمانەکە باس لە یەکشەممەیەک دەکات، کە دواتر دەردەکەوێت ڕۆژی فڕۆکەوانی ئەمریکییە. حەکایەتبێژی چیرۆکەکە ژنێکی سپیپێستی ئەفریقیای خوارووە بەناوی «لیز». کە چیرۆکەکە دەست پێ دەکات، «لیز» دانیشتووە و خەریکی خواردنی نانی بەیانییە لەگەڵ خۆشەویستەکەی، کە ناوی «گراهام»ە. لەو کاتەدا نامەیەکی بە دەست دەگات، باسی خۆکوشتنی «ماکس»، مێردەکەی پێشتری، دەکات. هەر لەو ڕۆژەدا، «لیز» سەردانی «بۆبۆ»ی کوڕی دەکات لە قوتابخانە ناوخۆییەکەی تا هەواڵی مردنی باوکی پێ بڵێت. پاشان هەندێک شتومەک دەکڕێت و سەردانی داپیرەیشی دەکات لە خانەی چاودێریکردنی پیران. ئێوارەیش دووبارە چاوی بە خۆشەویستەکەی دەکەوێتەوە. کاتێ ئەو هەموو کارانە ئەنجام دەدات، بیر لە «ماکس» دەکاتەوە. دیارە «ماکس» کوڕی یەکێک لە سیاسەتمەدارە ناودارەکانی خوارووی ئەفریقیایە. مرۆڤێکی شۆڕشگێڕە و زیندانی کراوە و دواجاریش شایەتمانی لە دژی هاوەڵەکانی لە بزووتنەوە سیاسییەکەدا دەدات. «لیز» زۆر بیر لە ژیانی ئێستای دەکاتەوە، کە لە چوارچێوەی توانا و ڕێوشوێنی گونجاودا پێکەوەی ناوە. کارێکی ڕەوای دۆزیوەتەوە. دواتر، لە درەنگانی ئەو ئێوارەیەدا، خواردن بۆ «لووک» ئامادە دەکات. «لووک» خەباتگێڕێکی ڕەشپێستە لە ژیانی سیاسیی ڕابووردوویدا ناسیویەتی. «لووک» داوای یارمەتی لە «لیز» دەکات. دوای ئەوەی «لووک» بەجێی دێڵێت، دەچێتە سەر جێگە و بیر لەوە دەکاتەوە ئاخۆ ژمارەی حیسابی باپیری لە بانک بەکار بێنێت یان نا بۆ بەدەستهێنانی بڕەپارەیەک بە ڕێگەیەکی نایاسایی بۆ یارمەتیدانی ئەو ڕێکخراوە سیاسییەی،

که پشگیریی لێ دەکات. لە ڕوواڵەتدا، وا پێ دەچێت، کە بەم ئاراستەیە کار بکات سەبارەت بەوەی تاکە ڕێگەیەکە لە بەردەمی، کە پەنای بۆ بەرێت

ئەگەر خوێنەر بیەوێت لە هەر دەقێکی ڕۆمان بگات، پێویستە شارەزای هەموو ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە بێت، کە دەقەکە باسی لێوە دەکات و وەکو فاکتەرێک بۆ ڕاڤەکردنەکە بەکاری بێنێت. ئەو تەنها پێویستی بەوە نییە شتێک لە دەستوور و ڕێسای زمانی دەقەکەوە بزانێت، ئەگەرچی ئەمەیان زۆر گرینگە، بەڵکو پێویستە هەلومەرجەکانی ناو دەقەکە و ڕێسا و پێوەرەکانی تێگەیشتن لەو هەلومەرجانەیش بزانێت و لە شێوازی بەکارهێنانی ڕێساکان بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە ئاگادار بێت. بۆ نموونە، ئەگەر لە سەروبەندی بڕینی بلیتی وەستاندنی ئۆتۆمۆبیل لە شوێنی دیاریکراودا نەزانێت، ناتوانێت لە نهێنیی تەوزیفکردنی ئەم حاڵەتەدا بگات، کە ڕەنگە ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش بە دوای خۆیەوە بێنێت لە ڕۆمانەکەدا. جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، کە مرۆڤ لە کۆمەڵگە ڕۆشنبیرەکان، وەکو کۆمەڵگە ئەورووپییەکان بە ڕێگەی جیاجیا شارەزای ئەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانە و خوێندنەوەی ڕۆمان دەبێت. بۆ نموونە، منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندندا فێری خوێندنەوەی چیرۆک دەبێت و دواتر لە قۆناغە بەرزەکاندا فێر دەبێت چۆن بیرۆکەی پشت ڕووداوەکان یا ئاماژە شاراوەکانی چیرۆک بدۆزێتەوە. ئەوانەی، کە خولیای ژانرێکی تایبەتن، وەکو چیرۆکی دڵداری، خەیاڵی زانستی، چیرۆکی پۆلیسی و هەواڵگری، لە ڕێگەی دووبارە و چەندجار خوێندنەوەی چیرۆکەکە و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی، کە هەمان خولیایان هەیە شارەزای هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان دەبن. هەندێک خوێنەر دەقەکە وەکو دەقێکی ئەدەبی دەخوێننەوە و بە دوای ڕێبازە پرۆفێشناڵەکانی خوێندنەوەدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی شارەزاییەکی پرۆفێشناڵیان لە خوێندنەوەی بابەتەکەدا هەبێت. لەپاڵ ئەمانەشدا هەندێک خوێنەر هەن، کە شارەزاییەکانیان سەرپێییە و هەر بەم سەرپێییەشەوە چەند لایەنێک لە ڕۆمانەکە دەستنیشان دەکەن و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا لە چەند پەرەگرافێکدا خوێندنەوەیەکی بۆ دەکەن و دەیخەنە بەر دەستی خوێنەران وەک ئەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی خۆماندا دەیبینین سەبارەت بەو ڕۆمانانەی، کە تازە بڵاو دەکرێنەوە. دیارە ئەگەر هەموو ئەو خوێنەرانەی، کە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکان هەندێک واتایان دەربارەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە لەلا دروست دەبێت، گفتوگۆیەکی ڕوون و ئاشکرا دەربارەی ئەم واتایانە بکەن، ئەوا ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەکان ئەم کارە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ و بەپێی پێوەرە ڕاست و دروستەکانی زمانەوە ئەنجام دەدەن و لە گۆڤارەکان یا لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاوی دەکەنەوە. خوێنەری ئاسایی هێندە بایەخ بەم وردەکارییەی ئەوان نادات، چونکە ئەو بۆ چێژوەرگرتن یا فێربوونی هەندێک لە بنەماکانی ڕەوشت ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک ئاماژەی لەلا دروست دەبێت، کە لە چوارچێوەی ڕۆمانەکە دەردەچێت بۆ هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانی ناو دونیای واقیع. هەندێک جار وا باس لە ڕۆمانەکە دەکات، کە بە دڵی بووە یا بە پێچەوانەوە. هەڵبەت هۆکارەکانیش بۆ هەردوو حاڵەت دەخاتەڕوو. «دی ڤۆڵت» ئەم فۆرمە

دەکرێ دەقێک، کە چیرۆکێک لە خۆ دەگرێت و خەیاڵ چنیوویەتی خوێندنەوەیەکی مشتومڕئامێزی بۆ بکرێت، ئەگەرچی خوێندنەوەکە فۆرمی مشتومڕ وەرناگرێت، بەڵکو زیاتر سەرنجدان و تێبینیکردنی دونیا دروستکراوەکەی خەیاڵی ڕۆماننووسەکەیە

# لێکۆڵینەوە

جیاجیانەی خوێندنەوە سەبارەت بە دروستکردنی واتا لەبەرچاو دەگرێت لە شیکردنەوە سۆسیۆلۆژییەکەیدا. بۆ لێکۆڵینەوە لە فۆرمە جیاوازەکانی خوێندنەوەکان، «دیڤۆڵت» ئەم پرسیارانە لەبەرچاو دەگرێت: ئایا خوێنەرە جیاجیاکان بابەتی ڕۆمانەکە چۆن دەبینن؟ چۆن کارەکتەرەکان وەسف دەکەن؟ چۆن ناوەڕۆکی سیاسیی ڕۆمانەکە دەبینن؟ هەڵبەت دەکرێ مرۆڤ بە پشتبەستن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە، جیاوازی لە خوێندنەوەکان دەست نیشان بکات. ئەمەیش، دواجار، بەڵگەی ئەوەیە، کە لە پشت ئەم جیاوازییانە پرۆسێسێکی تر هەیە، کە بینینی شتەکان لە چوارچێوە مێژوویی و پێگە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان و دواجار، بەپێی پێوەری جیاجیاوە دادەڕێژرێت. «دیڤۆڵت» لە سەروبەندی سێ جۆر لە پێداچوونەوە لە ڕۆمانەکەی «نادین گۆردیمێر» دەکۆڵێتەوە، کە لە قۆناغی جیاجیا ئەنجام دراون. پێداچوونەوەکان، کە لە ڕوانگەی هەلومەرجە هەنووکەییەکانی سەردەمی خۆیانەوە خوێندنەوەیان بۆ ڕۆمانەکە کردووە، لە دوو لاوە سەرچاوەیان گرتووە. هەندێک وەک کاردانەوەیەک بۆ دەقەکە بوون و ئەوانی تریش پێشبینیی خوێندنەوەکانی خوێنەرانیان لەبەرچاو گرتبوو. دیارە ئەم گرووپەی دوایی زیاتر بایەخیان بە کارەکتەر و ڕووداوەکان داوە. یەکەمیان ئەو پێداچوونەوانەن، کە لە ساڵانی ١٩٦٦—١٩٦٧، ئەو کاتەی ڕۆمانەکە بۆ یەکەمجار بڵاوکرایەوە، ئەنجام دراون. بە گشتی، ئەم ڕەخنەگرانە، کە هەموویان لە ڕەگەزی نێر بوون، پێیان وابووە، ڕۆمانەکە وێنەی تراژیدیای مرۆڤ دەکێشێت لە خوارووی ئەفریقیا و حەکایەتبێژەکە، کە ژنە و ناوی «لیز»ە، کەسێکی «نائاسایی و سەیر و ئاڵۆزە». یەکێک پێی وابووە «گۆردیمێر واقیعی تاڵی خوارووی ئەفریقیا بە وردی دەپشکنێت»١٨. یەکێکی تر ڕۆمانەکەی بە «بەرهەمێکی بەهێز دەزانێ دەربارەی کێشەکانی ڕەگەزپەرستی و جیاوازیی ڕەگەزییەوە، کە خوارووی ئەفریقیا پێیەوە دەناڵێت»١٩. بە ڕای هەندێکی تریش، ڕۆمانەکە «ژیان و بیروبۆچوونەکانی ژنێکی لیبراڵی سپیپێست لە خوارووی ئەفریقیا دەخاتە ڕوو»٢٠. لە کاتێکدا بە بۆچوونی یەکێکی تر، ڕۆمانەکە شێوەی بینینی ژیان لە دونیای «سپی» خوارووی ئەفریقیا دەکێشێت٢١، بەڵام یەکێکی تر، کە پێی وایە ڕۆمانەکە «وێنەی بارێکی گشتی ترسئامێزی ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە تۆقێنەرەکان دەکێشێت»، دەڵێت: «کاتێ ئەم ڕۆمانەم بە کوڕی فەرماندەیەکی بەندکراوی خوارووی ئەفریقیا پێشان دا، کە لە وڵات دوور خرابووەوە، دڵی پێ خۆش نەبوو، چونکە پێی وابوو زانیارییەکی زۆر کەم دەربارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خوارووی ئەفریقیا دەخاتە ڕوو، هەروەها ڕۆمانەکە لە چەند دیمەنێکی ئەورووپی پێکهاتووە، کە تایبەتمەندێتییەکانی خوارووی ئەفریقیایان بەسەردا سەپێنراوە٢٢. هەموو ئەو خوێندنەوە و پێداچوونەوانە ئەو بارودۆخە دەخەنە ڕوو، کە کتێبەکە باسی لێوە دەکات و دواجار هەندێک دۆخی ڕاستەقینەی خوارووی ئەفریقیا لە خۆ دەگرن. «فیلیپ تۆینبی،»٢٣، کە پێی وایە کارەکتەری «لیز» «لە هیچ کەسێکی ڕاستەقینە ناکات»، ئەو بێئومێدییەی، کە لە ڕۆمانەکەدا دەیبینێت، دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستەقینە، کە «یاسای نەوەد ڕۆژە» بوو لە خوارووی ئەفریقیا. بەپێی ئەم یاسایە، دەسەڵات

بۆی هەبوو ماوەی زیندانیی بەرهەڵستکارانی خۆی بەبێ دادگاییکردن درێژ بکاتەوە. بە گشتی ئەم ڕەخنەگرانە، هاوسۆز نین لەگەڵ کارەکتەری «لیز». ئەوان «لیز» بە «بێهێز» و «هەستمردووی گێژوویژ» و «خۆپەرست» وەسف دەکەن، هەروەها سەریان لەو پێوەندییە سوڕماوە، کە لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەیەتی. بۆیە ئەم دیوەیان لە ڕۆمانەکە فەرامۆش کردووە. دووەمیان ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانە بوون، کە لە ناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکانەوە بڵاو کرانەوە. ئەم لێکۆڵینەوانە زیاتر لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە ڕۆمانەکەیان شی کردووەتەوە و بە گشتی پێیان وایە ڕۆمانەکە باسی ململانێی نێوان هیومانیزمی ئەوروپی و خەباتی ڕەشپێستەکان دەکات. ئەم گرووپە «لیز» وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی دەبینن، بێ ئەوەی بایەخ بە وردەکارییەکانی ژیانی بدەن. «کێنیس پارکەر»٢٤، پێچەوانەی ڕەخنەگرەکانی پێشتر، بە شێوەیەکی قووڵ دەچێتە ناو وردەکارییە سیاسییەکانی خوارووی ئەفریقیا، بۆ نموونە باسی سپیپێستەکان دەکات، کە پشتگیری لە ڕەشپێستەکان دەکەن لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەیاندا. «پارکەر» سوورە لەسەر ئەوەی، کە «گۆردیمێر» لە ڕێگەی کارەکتەری «لووک»ەوە، کە تێکۆشەرێکی ڕەشپێستە، مامەڵە لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکە دەکات. بۆیە «پارکەر» پێی وایە «لووک»، وەکو گوزارشتێک لە بیروڕا و هەڵوێستی سیاسی، کە دژی بەشداریکردنی سپیپێستەکانە تەنها بۆ هەندێک مەبەستی تایبەتی نەبێت، یەکێکە لە سێ کارەکتەرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە. ئەم خوێندنەوەیە ئاماژە بە مەسەلەیەک دەکات، کە لە ناوەڕاستی شەستەکان زیاتر ببوو بە جێگەی بایەخپێدان. سێیەمیشیان خوێندنەوەی «دیڤۆڵت» خۆیەتی. نزیکەی بیست ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە، «دیڤۆڵت»، وەکو سۆسیۆلۆژیستێکی ژن و فێمینیست و چالاکوان لە بواری بزووتنەوەی ژنان، ڕۆمانەکەی خوێندەوە. ئەو پێی وایە ڕۆمانەکە چیرۆکی ژیان و هەلومەرجە سیاسییەکانی خوارووی ئەفریقایە و بۆیە سەرنجی ئەمی ڕاکێشاوە، چونکە وێنەی هەلومەرجێکی تێدا دەبینێت، کە کۆمەڵێ ڕەهەندی جیهانی لە خۆ گرتووە. ئەم سۆسیۆلۆژیستە ڕۆمانەکەی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیەوە خوێندەوە و ئەوەی بەتایبەتی بۆ ئەو بووەتە جێگەی بایەخ، چیرۆکی ژیانی ئەو ژنەیە، کە تا ڕادەیەک لە هی ئەو دەچێت. ڕۆمانەکە، بۆ ئەو، چیرۆکی ژنێکی ئازادە. «لیز»، وەکو ژنێک، لەو بەربەستە کۆمەڵایەتییانە هوشیارە، کە ڕێگرن لەبەردەم ئەو ئازادییانەی دەیەوێت بۆ خۆی دەستەبەری بکات. بۆیە، بە وردی ڕێبازێک هەڵدەبژێرێت، کە ڕەنگە کەموکوڕیی تێدا بێت و لەگەڵ نەریت و ڕەوشت و ڕێبازی باودا نەگونجاو بێت، بەڵام لانی کەم بە هوشیارییەوە و دوای بیرکردنەوە هەڵی دەبژێرێت. هەردەم بیر لە هۆکاری ئەم شێوازە ژیانەی خۆی دەکاتەوە. پێوەندییەکانی بە خەڵکی ترەوە تایبەتن بە پێگەکانی ژن لە کۆمەڵگەدا. «لیز» مێردەکەی پێشووی و دایک و باوکی مێردەکەی بیر دەکەونەوە، کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەی، کە پارێزەرێکی لیبراڵی ناسراوە، بەسەر دەبات. لەپاڵ ئەمانەیشدا، ئاگاداری کوڕ و داپیرەکەیەتی. ئەم پێوەندییانە ڕایەکی تایبەتی لەلا دروست دەکەن سەبارەت بەو دەوروبەرەی ژیانی تێدا بەڕێوە دەچێت. هەرچەندە ئەو لە چەقی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەیدا نییە، بەڵام

جیاوازی لە ڕاڤەکردن ناوەستێتە سەر بینینی تاکەکان، بەڵکو دەوەستێتە سەر جیاوازیی خولیا و باری سەرنجی ئەم گرووپە لەگەڵ گرووپێکی تر دەربارەی هەمان دەق. دیارە خولیا و باری سەرنجەکان بە گشتی گەشە دەکەن و دەگەن بە چوارچێوەیەکی تازە بۆ ڕاڤەکردن

# لێکۆڵینەوە

زانیارییەکی ژنانەی تایبەتی دەربارەی ئەوانە هەیە، کە دەسەڵاتبەدەستن، چونکە لە ڕێگەی مامەڵەی خێزانییەوە پێوەندیی بەم جۆرە کەسانەوە هەیە. لە سەرێکی ترەوە، پێوەندیی نێوان «لیز» و خۆشەویستەکەی و پێکەوەبوونیان لە چوارچێوەی شێواز و ڕیچواڵێکی تایبەت بە خۆیانەوە بەڕێوە دەچێت. هەر یەکەیان سنوورێکی دیاریکراوی هەیە بۆ داخوازییەکان لە بەرانبەرەکەی و بە وردی و بە پاکییەوە تایبەتمەندێتییەکانی ژیانی خۆیان دەپارێزن. بە کورتی، «دیڤۆڵت»، وەکو سۆسیۆلۆگیست، ڕۆمانەکە بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستێتەوە لە سەردەمێکی نزیکی دیاریکراو.

هەڵبەت شتێکی سەیر نییە کاتێ ڕۆمانێک خوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت، بە پێچەوانەوە بەڵگەی ئەوەیە پرسی جیاجیا دەوروژێنێت. ئەم حاڵەتە بۆ لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکان و پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونە سۆسیۆلۆژییەکان بە بایەخەوە سەیر دەکرێت. هۆکاری ئەمەیش تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ هەمەچەشنی توێژە کولتوورییەکان و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی کۆمەڵگە لە سەردەمی ئێستادا. شتێکی ئاشکرایە. کە هەموو خوێنەرەکان، ژن بن یا پیاو، لە هەر سەردەمێکدا بن، لە دەرەوەی دەقەکە دان و بە شێوەیەکی کارا هەوڵ دەدەن ڕاڤەی بکەن، بەڵام نەریت و ڕیچواڵەکانی ڕاڤەکردن، کە لە چوارچێوەکەیدا ڕۆمانەکان دەنووسرێن و دەخوێندرێنەوە لە چالاکی و جموجۆڵ و هەڵسوکەوتە بەردەوامەکانی کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو نەریت و ڕیچواڵانەی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە چالاکی و جموجۆڵ و هەڵسوکەوتە بەردەوامەکانی خوێنەر و نووسەرە ڕۆژئاواییەکان، سپیپێستەکان، پیاوەکان، وەکو ڕەگەزی نێر، سەرچاوە دەگرن، بینین و بۆچوونەکانی ئەمانە بە ڕاست دەزانن. بۆیە هەر کەسێک لە دەرەوەی ئەم نەریت و ڕیچواڵانەی ئەماندا بێت-یان بە شێوەیەک لە شێوەکان جیاواز بێت لەمان- ئەگەری ئەوەی هەیە وەکو کەسێکی جیاواز یا سەیر یا سەرلێشواو سەیر بکرێت، وەکو چۆن ڕەخنەگرەکانی بەرایی ڕۆمانەکەی «گۆردیمێر» کارەکتەری «لیز» بە «نائاسایی و سەیر و ئاڵۆز» وەسف دەکەن. دیارە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیش هەر ڕاستە. بۆیە، هەر لێکدانەوەیەکی تازە بۆ دەقەکە لەلایەن ئەوانەی، کە لە دەرەوەی ئەم نەریت و ڕیچواڵانەدان، کێشە بۆ ئەوانە دروست دەکات، کە لە چەقی ڕیچواڵ و نەریتەکاندان، چونکە ڕووبەڕووی دووبارە پێداچوونەوە بە شێوازی لێکدانەوەکانیان دەکەن. لێرەدا، ئەوانەی لە دەرەوە و ئەوانەیش، کە لە چەقی نەریت و ڕیچواڵەکان دان، هەوڵ دەدەن ڕەهەندەکانی لێکدانەوە جیاوازەکانیان دەستنیشان بکەن. لە ئەنجامدا، پرسیارێک دێتە پێشەوە: ئەگەر ئەم گرووپە جیاوازانە، بە شوێن و پێگە جیاوازەکانیانەوە، ئەم لێکدانەوە جیاوازانەیان هەبێت، چۆن ئێمە لە داهاتوودا بیر لە واتاکانی بەرهەمە کولتوورییەکان دەکەینەوە یا باسیان دەکەین؟ دیارە ئەمە مانای ئەوە نییە، کە سۆسیۆلۆگیستەکان پێویستە سەرپشک بن لە واتا و بڕیار لەسەر بەها ئێستاتیکییەکانی دەقەکانی ڕۆمان بدەن، بەڵکو بەو مانایەیە، کە وردبوونەوە لە پرۆسێسی ڕاڤەکردنی دەق، ڕێگە خۆش دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە مانا، ئەمەیش جێگەی ئەوپەڕی بایەخە بۆ سۆسیۆلۆگیستەکان. وەکو گوتمان، ڕۆمان دەقێکی فرەمانا و فرەڕەهەندە. خوێنەری

# هەر ڕۆمانێك شتەكان بە چڕوپڕی پێشان بدات، سەركەوتن بەدەست دەهێنێت

جیاجیا بە ڕێگەی جیاواز لێکدانەوە بۆ هەمان ڕۆمان دەکەن. شتێکی ئاساییە، کە خوێنەرێک هەمان ڕۆمان لە کاتی جیاجیادا بخوێنێتەوە و چەندەها مانای جیاوازی تێدا بدۆزێتەوە. مرۆڤ بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی ژانرەکە و بەکارهێنانی لە چوارچێوە ئەدەبییەکەدا لە تایبەتمەندێتیی خوێندنەوەکان دەگات، کە بەرە بەرە لە ڕۆمانەکە دەردەکەون و پێش دەکەون. ئەو دونیایەی دەقی ڕۆمان ڕۆی دەنێت، زۆر وردەکاری لە خۆ دەگرێت. هەر ڕۆمانێک شتەکان بە چڕوپڕی پێشان بدات، سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. مەبەست لە چڕوپڕی پێشاندان، ئەوەیە، کە ڕۆمانەکە درێژە بدات بە هەر ڕووداوێک لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە ڕێگەی زۆرپێشاندانی پێکهاتە هەرە ورد و بچووکەکانی ئەو ڕووداوە. نەخشە و پلانی ڕۆمان بواری ئەوەی هەیە چەندەها ڕوونکردنەوە بدات بۆ مانا بە بەکارهێنانی تەکنیکی جیاجیا. بێجگە لەمەش، پرۆسێسی خوێندنەوەی ڕۆمان وا دەخوازێت، کە خوێنەر ئەزموونی خۆی وەکو سەرچاوە بۆ ڕاڤەکردنەکە بەکار بێنێت. خوێندنەوەیش چالاکییەکە لە چوارچێوەی تێگەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بەڕیوە دەچێت. بەپێی لۆژیک، تێگە کۆمەڵایەتییەکان بەرەبەرە لە باری ڕۆشنبیری و کولتوورییەوە پێش دەکەون. بۆیە هەمان خوێنەر لە زەمەنی جیاجیادا هەمان خوێندنەوەی نابێت بۆ هەمان ڕۆمان. تێگەی کۆمەڵایەتی بەپێی ڕەوتی مێژوو، کۆنتێکستی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکە و هەروەها پاشخانی خوێنەرەکەوە دادەڕێژرێت. بۆیە خوێندنەوەی ئەوانەی، کە لە دەرەوەی نەریت و ڕیچواڵەکانی نێو دەقەکەدان، بواری بەیەکگەیشتنی جومگە جیاوازەکان و دواجار ئەگەری دروستکردنی بینینێکی هاوبەش زۆرتر دەکەن. ئەم بینینە هاوبەشە دەربارەی دەقەکە، گەشە بە خوێندنەوەیەکی تازە دەکات. بەهەرحاڵ، ئەوەی سۆسیۆلۆگیستەکان سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە ڕۆمان بۆ مەبەستی سۆسیۆلۆژی بە پێویستی دەزانن هەردوو جەمسەری پرۆسێسەکەیە. لە سەرێکەوە پێویستە خەسڵەت و تایبەتمەندێتییەکانی دەقەکە لە ڕوانگەی ئەوەوە لەبەرچاو بگرن، کە بەرهەمی نەریت و ڕیچواڵە کۆمەڵایەتییەکانی ژێر چەتری ڕێسا و دەستوورێکی هاوبەشە، کە لەلایەن توێژێک، گرووپێک یا کۆمەڵگەیەکەوە ڕێککەوتنی لەسەرە و لە سەرێکی تریشەوە، چۆن ئەم ڕێسا و دەستوورە کۆمەڵایەتییانە لە ڕووی پراکتیکییەوە سنوور یا ڕێ بۆ ئەم نەریت و ڕیچواڵانە دادەنێن لە چوارچێوەی دەقەکەدا. ئەوان کاتێ سەیری ڕۆمان دەکەن لە ڕوانگەی ئەوەوە، کە لە چوارچێوەی نەریت و ڕیچواڵێکی کۆمەڵایەتیی هاوبەشەوە دێتە بەرهەم و دەخوێندرێتەوە، ئەو کاتە بۆیان ڕوون دەبێتەوە بیر و هۆشیان لە ڕاڤەکردنەکەدا بە چ ئاراستەیەکدا چڕ بکەنەوە. کەواتە، دروستکردن و لێکدانەوەی واتای ڕۆمان بەپێی ڕێسا و نەریتە ئەدەبییەکان، پێوەندییان بە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە هەیە. ئەمەیش لە خوێندنەوە یا پێداچوونەوەکانی ڕۆمانەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

دەقی ڕۆمان هەندێک بۆشایی تێدایە، کە هەندێک دۆخی نادیار و یەکلانەکەرەوە دەبەخشنە ڕۆمان. بۆیە پێویستە خوێنەر خۆی بخاتە ناو دەقەکە و بە پشتبەستن بەو پاشخانە زانیارییەی، کە دەربارەی دۆخەکان هەیەتی چیرۆکەکە تەواو بکات و بە وردی ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە، کە گرنگن بۆ تێگەیشتن لە ماناکە و لەدەقەکەدا ڕوون نەکراونەتەوە. هەموو

ئەگەر خوێنەر بیەوێت لە هەر دەقێکی ڕۆمان بگات، پێویستە شارەزای هەموو ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە بێت، کە دەقەکە باسی لێوە دەکات و وەکو فاکتەرێک بۆ ڕاڤەکردنەکە بەکاری بێنێت. ئەو تەنها پێویستی بەوە نییە شتێک لە دەستوور و ڕێسای زمانی دەقەکەوە بزانێت

# لێکۆڵینەوە

خوێنەرێک لە خوێندنەوەی ڕۆماندا فێری ئەم حاڵەتە دەبێت، بەڵام هەر خوێنەرێک پشت بە پاشخانێکی تایبەتەوە دەبەستێت، کە ئەزموونێک لە تێگە و پێگە کۆمەڵایەتییەکان دایڕشتووە. بۆیە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو دەقەکە لەلایەن خوێنەرە جیاجیاکاندا تا ڕادەیەک جیاواز دەبن. بێجگە لەمەش، خوێنەر تووشی کێشە دێت کاتێ هەوڵ دەدات خۆی بخاتە ناو دەقەکەوە. ئەم حاڵەتە لە گرووپی یەکەم هەست پێ دەکرێت، کە لە ساڵانی ١٩٦٦—١٩٦٧ خوێندنەوەیان بۆ ڕۆمانەکەی «گۆردیمێر» کرد و هەموویان لە ڕەگەزی نێر بوون، چونکە ئەو پاشخانەیان لە زانیاریدا نەبوو، کە بتوانن لەگەڵ ژنێکی زیرەک و بەئاگا لە هەست و نەستی خۆی، لە ناوەڕاستی شەستەکاندا هاوسۆز بن، وەک ئەوەی «دیڤۆڵت»، وەکو ڕەگەزی مێ، هەیبوو. ئەوان لە جیاتی ئەوەی خۆیان بخەنە شوێنی حەکایەتبێژە ژنەکە و لەوێوە بەدوای مانای ڕۆمانەکەدا بگەڕێن، لە شوێنی ترەوە بەدوای ماناکەدا دەگەڕێن. لە ئەنجامدا، زۆر لەو دیوە گرنگانە فەرامۆش دەکەن، کە بۆ سۆسیۆلۆگیستێکی وەکو «دیڤۆڵت» مانابەخش و گرنگ بوون. کاردانەوەی ئاوا لایەنێکی گرنگی پرۆسێسی هەڵسەنگاندن ڕوون دەکاتەوە، کە پێوەندیی بەناوبانگدەرکردنی نووسەری ژنەوە هەیە.

بە پشتبەستن بەم لێکدانەوەیە، دەکرێت مرۆڤ بۆچوونێکی لەلا گەڵاڵە بێت سەبارەت بە دەق. لە کاتێکدا، کە دەق سنوور بۆ لێکدانەوەی خوێنەر دادەنێت و دایدەڕێژێت، پێویستە مرۆڤ بەگومان بێت لە هەر گفتوگۆیەک، کە پشت بە هێزی هەندێک شتی ناو دەقەکە دەبەستێت. «گریسوۆڵد» پێی وایە ڕۆمان «هێزێکی کولتووری» ئەوتۆی هەیە، کە دەتوانێت مانای جیاجیا پەیدا بکات لە کاتێکدا وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی، یەکنەوایی و هاوکۆکیی پێکهاتەکانی خۆی ڕادەگرێت. لە لێکۆڵینەوە چڕوپڕەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، چۆن هەڵێنجانی مانا لە هەمان بەرهەم لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە.

**سەچاوەو پەراوێز:**


بڕوانە:

١. Watt, Ian. ١٩٥٧. The Rise of The Novel: Studies in Defoe, Richardson and Fielding. University of California.

٢. بڕوانە لاپەڕە ١٤٤ لە:

Jameson, Fredric, The Political Unconscious–Narrative as a Socially Symbolic Act. Ithaca: Cornell Up. ١٩٨١

٣. بڕوانە لاپەڕەکانی ٣٨٢ ـ ٣٩٩ لە:

McKeon, Michael. ”Genre Theory.” in The Theory of the Novel: A historical Approach. Baltimore: Johns Hopkins UP, ٢٠٠٠

٤. سەیری لاپەڕە ٩٩ بکە لە:

Robert Escarpit, Sociology of Literature, ٢nd edn, Frank Cass, ١٩٧١

٥. بڕوانە لاپەڕەکانی ٥٩ ـ ٦٠ لە:

Labov W. ١٩٧٢. Language in the Inner City. Philadelphia: University Press.

٦. بڕوانە لاپەڕە ٢ ـ ٣ لە:

Rimmon-Kenan S. ١٩٨٣. Narrative Fiction: Contemporary Poetics. London:Methuen

٧. بڕوانە لاپەڕە ٥٢ ـ ٥٣ لە:

Cohan S, Shires LM. ١٩٨٨. Telling Stories.

ATheoretical Analysis of Narrative Fiction. New York: Routledge

٨ . بڕوانە لاپەڕەکانی٦ و ٧ و ٨ ٩ لە:

Narrative: A Critical Linguistic .١٩٨٨ .Toolan M Introduction. London: Routledge

٩ . بڕوانە لاپەڕەکانی ٦٠—٩٥ لە:

Thematics. In .[١٩٢٥] ١٩٦٥ .Tomashevski B Russian Formalist Criticism: Four Essays, ed. L Lemon, M Reis. Lincoln:Univ. Nebraska .Press

١٠. خوێنەر بۆ زیاتر قوڵبوونەوە لەم دوو بۆچوونە دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکانی:

١١. Wolff, Janet. ١٩٧٧. "The interpretation of literature in Society". U.K.: University of Keele .Press

١٢. Burns, Elizabeth, and Tom Burns, ends. ١٩٧٣. The sociology of literature and drama. .Harmondsworth: penguin

١٣. بڕوانە: Selden, Raman. ١٩٨٥. A Readers Guide to Contemporary Literary Theory. .University Press of Kentucky

١٤ . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بۆچوونەکانی «جان تۆمکینز» بڕوانە:

Tompkins, Jane P., ed١٩٨٠. Reader-Response Criticism from Formalism to Poststrucuralism. .Baltimore: John Hopkins University Press

١٥ . بڕوانە لاپەڕە ١٨-٣١ لە:

Wolff, Janet. ١٩٧٧. "The interpretation of literature in Society". U.K.: University of Keele Press

١٦. «جۆرج لامینگ» شاعیر و ڕۆماننووس، لە ساڵی ١٩٢٧ لە «بەربادۆس» لە دایک و باوکێکی ئەفریقی ـ ئینگلیزی لە دایک بووە و دواتر سەبارەت بە خولیابوونی بە دونیای ئەدەب و هونەر، لە ئینگلتەرە نیشتەجێ بووە . وەکو پرۆفیسۆرێک لە بواری ئەدەب و هونەردا لە زۆربەی زانکۆکانی بەنسلڤانیا و تەکساس و دانمارک و تەنزانیا و ئوسترالیا وانەی گووتووتەوە. خاوەنی دەیەها ڕۆمانی بەپێزە، کە بوونەتە مایەی چەندەها لێکۆڵینەوە لەلایەن ڕەخنەگرانی سەردەمەوە.

١٥. بڕوانە:

Griswold, Wendy, ١٩٨٧. "The Fabrication of Meaning: Literary Interpretation in the United States, Great Britain, and West Indies."American Journal of Sociology ٩٢:

١٠٧٧-١١١٧.

١٦. «نادین گۆردیمێر Nadine Gordimer» ژنە ڕۆماننووسی بەناوبانگی خوارووی ئەفریقایە و لە ساڵی١٩٩٣ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکانی»گۆردیمێر« کێشەی ڕەگەزپەرستی و مەسەلە ئەخلاقییەکانە.

١٧. بڕوانە:

Marjorie L. DeVault. The Social Organigation of Interpretation, "American Journal of Sociology" Vol. ٩٥, ١٩٩٠. published by The University of Chicago press

١٨ . بڕوانە لاپەڕە ١١ لە:

Shrapnel, Norman. ١٩٦٠. "Dead and Dying Worlds." Manchester Guardian Weekly, Jun ٣٠

١٩ . بڕوانە لاپەڕە ٩٠ لە:

Review. ١٩٦٦, Newsweek, July ٤.

٢٠ . بڕوانە:

Elson, Brigit. ١٩٦٦. Review. Commonweal, November ٤. pp ١٤٩-٥٠

٢١ . بڕوانە:

McCabe, Bernard, ١٩٦٦. "A Code for the Pale" Saturday Review, August ٢٠.

٢٢. بڕوانە:

Mitchell, Adrian, ١٩٦٦. "New climate of Fear." New York times Book Review, September ١١.

٢٣. بڕوانە لاپەڕەکانی ٢٤ ـ ٢٥ لە:

Toynbee, Philip. ١٩٦٦. ""Disillusioned Heroine." New Republic, September ١٠.

٢٤. سەیری لێکۆڵینەوەکەی «کێنیس پارکەر» بکە لە لاپەڕەکانی ٣٠ ـ ١١٤ لە:

Parker, Kenneth. ١٩٧٨. "Nadine Gordimer and the Pitfalls of Liberalism, The South African novel in English. London: Macmillan.

بەپێی لۆژیک، تێگە کۆمەڵایەتییەکان بەرەبەرە لە باری ڕۆشنبیری و کولتوورییەوە پێش دەکەون. بۆیە هەمان خوێنەر لە زەمەنی جیاجیادا هەمان خوێندنەوەی نابێت بۆ هەمان ڕۆمان